# له نێوان هەڵوێستی ( شێرزاد حسن و ئاسۆس هەردی ) دا

گۆران‌عەلی
2005/10/21

رادیۆی هاوپشتی شاری یۆتۆبۆری/سوید له رۆژی شەممە 10/15 گفتوگۆیەکی سازدا له گەڵ کۆمەڵێک نووسەرو رووناکبیرو سیاسەتمەدار ، له سەر راپرسی دەستوری هەمیشەیی ئێراق ، بە داخەوەم تەنها گوێبیستی بەرێزان مامۆستا شێرزاد حسن و کاک ئاسۆس هەردی رووناکبیرو رۆژنامەنووس بووم ، هەڵوێستی ئەو دوو بەرێزە هانیدام که ئەم چەند دێرە بنووسم .

سەرەتا مامۆستا شێرزاد حسن وەک کەسێکی بەدەربەست و خەمخۆری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێراق ،وەک نووسەرو رووناکبیرێکی ئاگاو هۆشمەند کاتێک که دەبینێت بە مەقەستی دەستوری ئیسلام ، کاڵای ماف و ئازادییەکانی خەڵک قەرەم دەکرێت و بە دوای ئەویشدا دەبێت خەڵکی بۆ قەرەم بکرێت تا ئەو کاڵا بە بەریان بکات !! هەڵوێستی (نەریٛ)ی بە رەشنوشی دەستورە رەشەکە راگەیاند ، بە بێ گوێدان بە زبری و بێزاری دەم و چاوی دەسەڵات بەرامبەر ئەو کەسانەی که بە رەشنوسی دەستور دەڵێن : بەری چاوی رەشە!!

مامۆستا شێرزاد ئەگەر (بەڵێ)ی بە دەستور بگووتایە ، ئەوا کەناڵە ئاسمانی و (TV)یە ناوخۆییەکان ئەوەندە چاوپێکەوتنیان لە گەڵ ساز دەکرد که له بەر چەخماخەی کامێرای وێنەگران و میکرۆفۆنی هەواڵنێران ، نە دەنگیمان دەبیست ، نە رەنگیمان دەدی !! بەڵام چونکە سەری دەسەڵات بە ووشەی (نەخێر) دێتە ئازار و راگەیاندنیش که تاپۆی دەسەڵاتە خۆشحاڵ نییە له مەملەکەتی دەسەڵاتدا (نەخێر) باڵا بکات ،هەربۆیە دەبێت دەنگ و رەنگی تەنها له ماڵەکەی خۆیدا قەتیس ببێت و خەڵکی کوردستان و ئێراق چاویان بە کلی هەڵوێستەکانی نەرەشن !! ئەم هەڵوێستەی مامۆستا شێرزاد وەک چیرۆکەکانی ، هۆنراوەکانی ، نووسینەکانی .....جێگای رێزو ستایشە .

بەڵام هەڵوێستی کاک ئاسۆس هەردی (که سەرنووسەری جەماوەریترین رۆژنامەیە له کوردستاندا)،جێگای تێرامان و سەرسوڕمانە!!

هەڵوێستی کاک ئاسۆس لەم 2 خاڵەدا بەرجەستە بوو:

1- من دەنگم بە بەڵێ دا <u>نەک له بەرئەوەی دەستورەکەم بە دڵ بێت</u> !!

2-ئەگەر ئەم دەستورە بەراورد بکەین بە دەستوری پێشوو یان ئەوەی که لە سبەینێدا دەنووسرێت ، <u>ئەمەیان باشترە</u>!!

سەرەتا با ئەوە بڵێم که لۆژیک ئەوەیە که کەسێک دەستورێکی بە دڵ نەبێت دەنگ بە (نا) بدات و ئەگەر دەنگیشی بە بەڵێ دا ، دەبێت دەستورەکەی لا پەسەند بێت نەک بە پێچەوانەوە !.

مەبەستی من لەم ووتارەدا ئەوە نییە که هەڵوێستی (بەڵێ)ی رێزدار ئاسۆس هەردی بخەمە ژێر پرسیارەوە، هەربۆیە لەم دێرەوەو له روانگەی بڕوابوون بە ئازادی بیروڕاوە من دەستبەرداری ناوی بەرێزیان دەبم ، من مەبەستمە تێزەکانی <u>(بەڵێ بۆ دەستور هەرچەندە بە دڵم نییە!)</u> و ( <u>با بەم خراپە رازیبین بۆ ئەوەی خراپترمان بە سەرا نەسەپێنن!</u>) بخرێتە ژێر پرسیارەوە ، ئەم تێزە بووە بە میتۆدێکی گشتی و له ئاستێکی فراواندا له کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیی هەیەو بانگەوازی بۆ دەکرێت!!

لایەنگرانی ئەم میتۆدە لەو زیندانییانەی ئەمنە سورەکە دەچن که کاتێک باسی سیاسەت دەکرا دەیانگووت:

بێدەنگ بن با تووش نەبین!! مەگەر خەڵک تووش ببێت بۆ ئەم جێگای ئێمەی ناهێنن ؟! مەگەر ئێمەش له نووسینەوەی دەستوردا تووش نەبووین ؟! یان هێشتا ماوە تووش بین ؟! ئەگەر لەمە زیاتر تووش بین چۆنە ؟! مەگەر رەشنووسی دەستورە رەشەکە داوامان لێناکات که هەموو ماف و ئازادییەکان دەبێت له گەڵ بنەماکانی ئیسلام و ئادابی گشتیدا کۆک و تەبا بێت ؟! بۆچی ئازادی رادەربرین ، بیروباوەڕ ، خۆپیشاندان ، مافەکانی ژنان ، جل پۆشین ئەوین ، هاوسەرێتی ..... له گەڵ ئەو بنەماو ئادابانەدا دەگونجێت ؟! بەبڕوای من تەنانەت مەیلی رەخنەگرتن له رۆژنامەیەکی وەک (هاووڵاتی) له ئایینده‌یەکی نزیکدا دەکرێت وەک ناکۆک بوون له گەڵ ئادابی گشتیدا لێک بدرێتەوە ، چونکە رەخنەگرتن و نا گووتن و شکاندنی دیوار و تەلیسمە پیرۆزەکان (یەکێک لەوانەش دیوارەپیرۆزەکانی دەسەڵات)، بۆ خۆی ناکۆکە له گەڵ ئادابە گشتییەکانی دەسەڵاتداو دەسەڵات ئەمە بە ناکۆک بوون له گەڵ ئادابی گشتیدا لێک دەداتەوە !!

**(دەستورم بە دڵ نییەو دەنگ دەدەم بە بەڵێ ، دەنگ دەدەم بەم دەستورە خراپە بۆ ئەوەی خراپتر نەنووسرێتەوە ، بۆ ئەوەی ئەنفال دووبارە نەبێتەوە دەنگ بدە بە دەستور) ، ئەمانە گووتارو پەیامی دەسەڵاتن و ئەوەی لەم گووتارەدا ئامادەیی نییە ، کاریگەری جەماوەر و خەباتی جەماوەر و دەنگی جەماوەرە لە کێشمەکێش و ئاڵوگۆڕەکاندا ، لە درزو کەلێنەکانی ئەم گووتارەدا دوژمنێکی بە تواناو خارق دروست کراوە کە دەتوانێت دەستور خراپتر بنووسێتەوە ،ئەنفال بکات ، ماف و ئازادییەکان لە قاڵب بدات و زۆر شتی تریش بکات !.**

**لەو گووتارەدا خەڵک نووستووە ، کاریگەریان نییە ، (بەڵێ)کانیان بەردارەو دەتوانێت ڕێگە لە ئەنفال بگرێت ، بەڵام (نەخێر)ەکانیان بێبەرەو هیچی پێناکرێت و ئەنفال دەهێنێت !! من دەپرسم سادەترین مافی خەڵکی کوردستان ئەوەیە بە دەستور بڵێن بەڵێ یان نەخێر ، ئەگەر خەڵکی کوردستان بە (نا) وەڵامی دەستور بدەنەوە ئەنفال بکرێن ، ئەی بۆ لە بنەڕەتدا بەشداری پرۆسەیەکی وا بکەن ؟! حکومەت و دەستورێک بە (1 نا) ئەنفال بکات ، دەبێت بە (2 نا) چی بە سەر خەڵکدا بهێنێت ؟!**

**من بە پێچەوانەی ئەو گووتارەی دەسەڵاتەوە پێموایە کە (نا)کانی خەڵکیش دەیتوانی بەردار بێت و بە ئاراستەی ماف و ئازادییەکانی خۆیدا کاریگەری دابنێت لە سەر دەستور ، من پێموایە هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە لایەنگرو داکۆکیکەری ماف و ئازادییە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێراق دەزانن وەک (ئازادیخوازان ، نووسەران ، چەپ و کۆمۆنیستەکان ، ڕووناکبیران ، خەڵکی ستەمدیدە.....) ، دەیانتوانی بڕگەی ئازادییە گشتییەکانی دەستور بنووسنەوە ئەگەر گووتاری خۆیان لە گووتاری دەسەڵات جیابکردایەتەوەو لە سەنگەرێکی تردا ڕیزیان ببەستایە ، وەک چۆن (صالح مطلگ)و هاوڕێکانی تەنها لە یەک مانگی کۆتاییدا چەندین بڕگەی سەرەکی دەستوریان نووسیەوە ، کەس هەیە نکۆڵی لەوە بکات کە دەستور لە بڕگەی زمان و ناسنامەی عەرەبی بۆ ئێراق مۆری (صالح مطلگ)و هاوڕێکانی پێوە نەبێت ؟!!**

goranmad@hotmail.com